حکومەت بە فەرمی ڕەتیدەکاتەوە هیچ دامەزراندنێکی نوێ لەناو دەزگاکانیدا هەبێت

نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکوەزیرانی عێراق ئەمڕۆ پێنجشەممە ڕەتیکردەوە هیچ دامەزراندنێک لەناو دەزگاکانی حکومەتدا هەبێت.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆک وەزیران لە ڕاگەیەندراوێکدا کە دەست موتەڵع کەوتووە ڕایگەیاند: "لەم دوایانەدا تێبینی ئەوە کراوە کە لایەنە سیاسیەکان هەوڵی ڕاکێشانی هاووڵاتیان دەدەن وفێڵیان لێ دەکەن بەوەی دامەزراندن لە ناو دەزگاکانی حکومەتدا هەیە".

فەرمانگەکە لە ڕاگەیەندراوەکەیدا دووپاتیکردەوە، یاسای بودجەی سێ ساڵەی کە ئەنجومەنی نوێنەران دەنگی لەسەر داوە، لە مادەی 14/چوارەمی أ)دا ڕاگرتنی دامەزراندن و گرێبەست لە سەرجەم فەرمانگەکانی حکومەتدا هاتووە.

هەروەها داوای لە هاووڵاتیان کرد کە نەخرێنە ناو ئەو کردەوەیانەوە، کە هەوڵی قەرخکردنیان دەدەن بە مەبەست و بەرژەوەندیە تاکە کەسییەکان کە دەچنە بازنەی بانگەشەی هەڵبژاردنەوە.